# ڕێزمانی بنچینەیی کوردیی

## دکتۆر کەمال میراودەلی

سەرەتایەک بۆ زماننا‌سیی ،
دەنگناسیی ، دەنگسازیی ، وشەسازیی ،
وشەناسیی ، رستەسازیی

بەرگی یەکەم

سەرەتایەک بۆ زماننا‌سیی و زمانی کوردیی

ئەکادیمیای خانی / لەندەن 2014

### بەشی یەکەم

#### پێناسەی زماننا‌سیی

لەم بەشەدا بە  پێناسەی زماننا‌سیی و بۆچوونە جیاوازەکانی دیراسەی زمان و لکەکانی زماننا‌سیی ئاشنا دەبیت . ئەم بەشە دەشێ وەک تاکە مۆدیولێک  ( یەکەیەک ) بۆ دیراسەی زمان بەکار بێت کە بریتییە لە مژاری پێناسەی زمانەوانی و میتۆدو بەشەکانی .

Module : مۆدیول

به مانای یەکەیەک دێت کە خۆی لە خۆیدا پێکهاتەیەکی تەواو بێت و لەگەڵ یەکەی تردا تێکەڵ بێت بۆ پێکهێنانی پێکهاتەی گەورەتر . لە خوێندنی ئەکادیمیدا بە مانای کۆرسێکی بچووک یان بەشێک لە کۆمەڵە کۆرسێک دێت کە یەکتر تەواو دەکەن و خوێندن و تەواوکردنی هەموویان مەرجی وەرگرتنی پلەیەکی یان شەهادەیەکی زانستیی یە ، بەڵام من لە جیاتی مۆدیول هەر وشەی کوردی مژار بەکار دێنم . مەبەست لە مژار هەم مۆدیولە وەک یەکەیەکی فێرکردن و هەم جەختکردنە لە سەر ئەوەی ئەو یەکەیە تایبەتە بە روونکردنەوەی یەک مژار واتە یەک بابەت .

لە کۆتایی بەشەکەدا کۆمەڵێ پرسیار هەن کە پێویستە ئەوەندە لە بابەتەکە گەیشتبێت بتوانی وەڵامیان بدەیتەوە ، دیارە پەنابردن بۆ سەرچاوەی تر لە دەرەوەی ئەم کتێبەش کارێکی چاک و پێویستە ..

## مژاری یەکەم : پێناسەی زمانناسیی و میتۆدەکانی

### 1 – زاراوەی زمانەوانی و زمانناسیی

وشەی زمانەوانی (لینگویستیکس linguistics) بە شێوەیەکی فراوان وەک زاراوەیەکی مۆدێرن بۆ زانستی زمان یان تۆژینەوەی زانستی بابەتەکانی زمان بەکار دێ .

زمانەوانی لێکۆڵینەوەی زانستیی زمانە وەک بابەتێکی گشتی، یان هی زمانێکی تایبەتی یان کۆمەڵە زمانێک بە یەکەوە.. لێکۆڵینەوەی ئاخاوتنی مرۆڤ یان شێوەی نووسراوی قسەکردنی مرۆڤە.

لە پێناسە فراوانەکەیدا زمانەوانی یەکسانە بە زمانناسیی (فیلۆلۆجی) کە بریتییە لە مێژووی شارستانیی مرۆڤایەتی بەو شێوەیەی لە زماندا رەنگ دەداتەوە.

زاراوەی ئینگلیزی (لینگویستیکس) یەکەم جار لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدە بەکار هات بۆ جەختکردن لەسەر بۆچوونێکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی زمان کە لە ئەدەبیاتناسی (فیلۆلۆجی) جیای بکاتەوە . تا ئەوسا، فیلۆلۆجیست (زمانیار) بایەخی بە پەرەسەندنی مێژوویی زمان دەدا وەک لە تێکستە نووسراوەکاندا و لە چوارچێوەی ئەدەبیات و بابەتی کەلتوورییدا خۆی دەردەخست .

بەلام زمانەوانی گەرچی بایەخ بە دەقی نووسراو و پەرەسەندنی زمان دەدا، گرنگی لەپێشترو زیاتر بە زمانی قسەکردن و بە کێشەکانی شیکارکردنیان و بەکارهێنان و کارکردنیان لە ساتێکی مێژوویی دیاریکراودا، دەدا. زمانەوانی دەشێت لە گەل زمانناسیی لە جێی یەکتر بەکار بێن، بەلام زمانەوانی توێژینەوەی زمانە وەک خۆی، وەک دەنگسازیی و وشەسازیی رستەسازیی و گەر دەقی نووسراویش بەکار بێنێت بۆ روونکردنەوەی بابەتەکانی زمان بەکاریان دینێت. زمانناسیی (فیلۆلۆجی) لەوە تێدەپەڕێنێت . وەک بەرهەمێکی شارستانیش کە بەلگەی مێژوویی بوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگاو کولتوورەکانیتی ، لە زمان دەکۆڵێتەوە . بۆیە کەلتوورناسیی و ئەدەبیاتناسییش وەک بەشێک لە زمانناسیی سەیر کراون ...

### 2 – میتۆدەکانی دیراساتی زمانەوانی/ زمانناسیی

زمانەوانی سێ میتۆدی دیراسەکردن بەکاردێنێ کە وەک بۆچوونی پێچەوانە بەرامبەر بە یەکتر دادەندرێن :

1 - بۆچوونی سینکرۆنی synchronic ( هاوکات ، رەوشی ئێستایی ) بەرامبەر بە دایەکرۆنی ( مێژوویی ، پەرەسەندن بە پێی قۆناغ و سەردەمە مێژوویی یەکان ) .

دامەزراندنی جیاوازی زاراوەیی لە نێوان سایکرۆنی و دایەکرۆنی یەکەمجار لە لایەن زمانناسی سویسری فێردیناند دی سۆسیە (١٨٥٧-١٩١٣) دامەزرا .

دایەکرۆنی dıachronic بایەخ بە پەرەسەندنی مێژوویی زمان و ئەو گۆڕانە بنیاتییانە دەدا کە روویان داوە. دیارە شیکردنەوەی دایەکرۆنی بابەتی زمانەوانی مێژوویی یە . historical linguistics. وەسفی دایەکرۆنی زمان: شوێنکاری پەرەسەندنی مێژوویی زمان هەڵدەگرێت و گۆڕنەکان لە قۆناغیکەوە بۆ قۆناغێکی تر تۆمار دەکات .

سینکرۆنی وەسفی زمانە لە کاتێکی دیاریکراودا وەک لە قسەکردندا یان نووسیندا بەرهەمدەهێنرێ بێ گوێدانە مێژووەکەی. شیکارییساینکرۆنی دەشێت بۆ زمانە کۆنەکان یان نەماوەکان وەک سانسکریتی ، ئاڤێستایی یان لاتینی بەکار بێت .

دیارە هەر دوو بۆچوونەکان گرنگن. بەڵام ڕێزمان هەمیشە جەخت لە سەر رەوشی ئێستایی زمان ( سینکرۆنی ) دەکا وەک لە لایەن کۆمەڵگەی زمانبێژەکەوە قسەی پێدەکرێت ، گەرچی ئەو رواڵەتانەی زمان کە بە سینکرۆنی دادەندرێن ، دەشێت لە روانگەی مێژوویی یەوە لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ بکرێت . هەندێ رەوشی زمان ، وەک بوونی کرداری نەساز irregular بە زمانەوانی دایەکرۆنی روون دەکرێتەوە کە لە ئەسڵدا نەساز نەبوون . بۆ زمانی کوردیی هەردوو بۆچوونەکە گرنگی جەوهەرییان هەیە . راستیی لە بەر تازەیی و نە چەسپاوی زمانناسیی کوردیی ئێمە پێویستی زۆرمان بە زمانەوانی مێژوویی دایەکرۆنی هەیە ، بە تایبەتی روونکدنەوەی پێوەندی زمانی کوردیی بە سۆمەریی و سانسکریتی و ئاڤێستایی بە شیوەیەکی زانستیی ئەرکێکی مێژوویی گرنگە .

٢- بۆچوونی تێڕوانگەیی ( تیۆریی ) theoretical
بەرامبەر بۆچوونی پراتیکی practical

زمانەوانی تێڕوانگەیی هەوڵ دەدا تێڕوانینێکی گشتی بۆ ستراکتوورو ئەرکیاریی زمان بەرهەم بێنێ یان چوارچێوەیەکی تێڕوانگەیی گشتی بۆ وەسفی زمانەکان دەستنیشان بکا , زمانناسیی تێڕوانگەیی بە دوای

بەرهەمهێنانی مودێلی (نموونەکاری )  زانینی زمانەوانیدا دەگەڕێت . ئەو بوارانەی بە گشتی وەک کرۆکی بابەتی زمانەوانی تیۆریی دادەندرێن بریتین لە سینتاکس، فۆنۆلۆجی ، مۆرفۆلۆجی و سیمانتیکس . هەروەها ئامانجی زمانناسی تیۆریی دەستنیشانکردنی رواڵەتە گەردوونییەکانی زمانە : واتە ئەوانەی گشتین و هاوبەشن لە نێوان زۆربەی زمانەکاندا .

زمانەوانی پراکتیکی : ئامانجی بەکارهێنانی دۆزراوەکان ومیتۆد و کۆزان و تەکنیکەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی زمانە بۆ ئەرکی پراتیکی بەتایبەتی بۆ ئامادەکردنی میتۆدی چاک بۆ فێرکردنی زمان. لایەنیکی تری گرنگی زمانەوانی پراتیکی مانەوانی مەیدانییە کە خولیای کۆکردنەوەی fieldwork linguistics داتای راستەوخۆیە لە ئاخێوەرانی زمان و بۆ ئەم مەبەستە زمانناسی مەیدانکار راهێنانی تەواوی پێکراوەو شارەزای میتۆدی تۆمارکردن و بنووسکردنی زمانەکەیە .

3 – microlinguistics بۆچوونی وردە – زمانەوانی ، مایکرۆزمانەوانی
macrolinguitcs بەرامبەر بە درشتە–زمانەوانی ( مەکرۆلینگویستیکس )

وردە – زمانەوانی : روانگەیەکی تەسک بۆ زمان بەکاردێنێت و گرنگیی بە  وردە بنە ئەبستراکتەکانی زمان دەدا وەک دەنگ ، مۆرفۆلۆجی و ... هتد . بە بێ ئەوەی ئاماژە بە ماناو  هۆکارو شێوەی بەدەستهێنانی زمان  و ئەرکی کۆمەڵایەتی یان سایکۆلۆجی یان  ئایدیۆلۆجی زمان بدات . واتە جگە لە ستراکتورو  سیستمی زمان خۆی ، زمان خۆی لە خۆیدا و بۆ خۆی ،  گرنگی بە لایەنەکانی تر نادات .

درشتە– زمانەوانی  :  بە پێچەوانەوە گرنگی بە هەموو لایەنەکانی کۆمەلایەتی و پەروەردەیی زمان دەدات وەک ئەوەی منالْ چۆن فێری قسەکردن دەبێ ، ئەو میکانیزمە سایکۆلۆجییانە چین کە لە وەرگرتنی قسەدا بەکاردێن ، ئەرکیاریی کۆمەلایەتی و دەوری ئیستاتیکی زمان چییەو ... هتد. زۆر بواری لێکۆڵینەوەی مەکرۆزمانەوانی ئێستا زاراوەی تایبەتی خۆیان هەیەو وەک پرۆگرامی زانستی ناسراون وەک ::

( سایکۆ  –  لینگویستیکس ) psycho-linguistics زمانەوانی دەروونیی

سایکۆ– زمانەوانی  بریتییە لە هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی زمان لە روانگەی سایکۆلۆجییەوە . لە سالانی 1960 – ەوە بۆ دوو بوار بەکارهێنراوە  :  دیراساتی ئەزموونیی بۆ چاوەدێرییکردنی گەشەکردنی زمان لای مندالان و دیراسەکردنی میکانیزمە سایکۆلۆجییەکان بۆ بەرهەمهێنان و تێگەیشتنی قسە .

سۆسیۆ – زمانەوانی.  socio-linguistics   کۆمەڵناسیی زمان
کۆ–زمانەوانی ( سۆسیۆلینگویستیکس ) : بریتیە لە دیراسەکردنی پیوەندی زمان بە کۆمەڵەوە

زمانەوانی مرۆڤناسیی ( ئەنترۆپۆلۆجی )
لە پێوەندی نێوان زمان و پەیدابوون و پەرەسەندنی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە

diactology زانستی زارەکان ( زارناسیی - دایەلێکتۆلۆجی )
دیراسەکردنی جیاوازیی و دابەشبوونی جۆگرافی زارەکانە .
زمانەوانی کۆمپیوتەریی : بەکارهێنانی زمان لە زانستی و تەکنیکی کۆمپیوتەردا

ستایلیستیکس ( stylistics زمانەوانی شێوازناسیی )
دیراسەکردنی شێوازی جۆراوجۆری بەکارهێنان و لێکدانەوەی زمانە

سیمانتیکس ( semantics ماناسازیی )

دیراسەی ئەو مانایانە دەکا کە بە هۆی نیشانەکانەوەو شیوەی پێکەوەبەستنیانەوە [ وەک وشە ، رستە ، پەرەگراف ] بەرهەم دەهێنرێن یا دەگەیئرێن : چۆنێتی دروستبوونی ماناکان ، جیاکردنەوەیان و پێکەوە بەستنیان و گەیاندنیان بە خەڵک

### 3 - بۆچوونەکان بۆ ناساندنی زمان

چوار بۆچوون بۆ وەسف و ناساندنی زمان هەیە :

1 - Prescriptive بۆچوونی پێشنووسیی
ئەو ئایدیالە یان ستاندارانەی زمان دیاری دەکا کە دەبێ قسەکەران رەچاوی بکەن

2 - Descriptive بۆچوونی پێناسەیی یان وەسفی
وەسفی زمان دەکا بە پێی ئەو قسەو وتانەی قسەکەرانی زمانەکە بەرهەمی دەهێنن و شێوەی دەرکەوتنیان

3 - بۆچوونی بەراوردیی : لێکۆڵینەوەی ئەوەی هاوبەشە لە نێوان چەند زمانێک یان کۆمەڵە زمانێکدا وەک : بەراوردکردنی زمانی کوردیی بە سۆمەری ، سانسکریتی ، ئاڤێستایی ، فارسی ، بەلوچی .

4 - بۆچوونی گشتی ( تیۆریی ) : لەو رەگەزانە دەکۆڵێتەوە کە لە نێوان هەموو زماناندا هاوبەشن .

### مژاری دووەم : بەشەکانی زمانەوانی

زمانەوانی چەند بەشێکی سەرەکی لێکۆڵینەوەی زمان یان ڕێزمان دەگرێتە خۆی کە ئەمانەن: دەنگناسیی کە بریتییە لەدەنگەوانیی و دەنگسازیی ، وشەسازیی ، ڕستەسازیی ، بنەچەناسیی .

دەنگناسیی : ( فیلۆلۆجی )
لێکۆڵینەوەی دەنگەکانی زمانە لە دەنگەوانی و دەنگسازیی پێکدێت

1 - phonetics دەنگەوانی : { فۆنێتیک }
بریتییە لە زانستی دیراسەکردنی سروشتی دەنگەکانی قسەکردن لە شێوەی فیزیکی/ میکانیکی بەرهەمهێنان و گەیاندن و وەرگرتنیاندا. بە پێی ئەو ڕوالەتەی کە دیراسەی دەکا ، دەنگەوانیی دابەش دەکرێ بە دوو جۆرە دیراسەکردن :

دەنگەوانیی قسەیی : بریتییە لە جیاکردنەوەی ئەو دەنگانەی لە قسەکردندا بەکاردێن .

دەنگەوانیی دەربڕین : بریتییە لە وەسفکرنیی چۆنێتی وتنی  دەنگەگانی ئاخاوتن .

2 Phonemics- دەنگسازیی: { فۆنیمیکس }
بریتییە لە دیراسەکردنی دەنگەکانی قسەکردن [ دەنگسازەکان : فۆنیمەکان ] وەک لێکدانەوەی ئەرکیارییەکەیان بە پێی سیستمی دەنگیی زمانەکە یان وەک لێکدانەوەی ئەو مانایانەی دەنگسازەکان دروستیان دەکەن بە پێی هۆشیاریی قسەکەرەکە . فۆنیم بچووکترین  یەکەی بنەدەنگییە کە دەنگسازیی لەسەر بنیات دەنرێ .

3 - morphology, morphemics  وشەسازیی { مۆرفێمیکس ، مۆرفۆلۆجی }
بریتییە لە دیراسەکردنی مۆرفەکان وەک بنسازیی ڕێزمانیی وشەو ئەو جۆرانەی وشە کە بە هۆی ئەوانەوە دروست دەبن. بۆ نموونە: کرد، کردن . [ ن] لە وشەی دووەمدا مۆرفیمە و ئەرکی ڕێزمانی هەیە کە گۆڕینی وشەکەیە لە ڕابردووەوە بۆ چاوگی وشە . منال/ منالان . [ ان] لە وشەی دووەمدا مۆرفیمە کە ئەرکی ستراکتووریی گۆڕینی وشەکەی هەیە لە تاکەوە بۆ کۆ .

4 - syntax ڕستەسازیی  :  [ سینتاکس/ گرامەر ]
بریتییە لە دیراسەکردنی پێوەندیی هاوبەشی وشەکان بە یەکەوە بۆ دروستکردنی پێریزە ، ڕستە ، پەرەگرا ، وتار و دەق و هەموو جۆرەکانی ئاخاوتن . ڕستەسازیی بربڕەی پشتی ڕێزمانە .

5 -  etymology  بنەچەزانیی [ ئیتیمۆلۆجی ]

بریتییە لە گەڕان بە دوای رەسەن وبنچینەی وشەکان و شوێنکەوتنی پەرەسەندن و گۆڕانی مێژوویی یان.

## پرسیارو پێداچوونەوە

1- جیاوازی ماناکانی زمانەوانی ( لینگویستیکس) و زمانناسیی ( فۆلیلۆجی ) روون بکەوە ؟

2- نووسەرێکی کورد بێهزادی خۆشحاڵی کتێبێکی زمانناسیی بە فارسی نووسیوە و وەرگێڕەکەی ناوی کتێبەکەی ناوە [ فیلۆلۆجی زمانی کوردی ] .. ئەمانە نموونەی ئەو بابەتانەن کە لە کتێبەکەدا باسکراون ::
کوردستان لە چاخی بەردیندا .
بونیادە مێژوویيەکانی زمانی کوردی
زوانی کوردی لە بەڵگەنامەکانی هیلینی و بەڵگەنامەکانی هەورامان دا
دیالێکتەکانی زوانی کوردیی

ئایا دەشێت ناوی فیلۆلۆجی بۆ ئەم کتێبە بەکار بێت ؟ وەڵامەکەی خۆت روون بکەوە ..

3- جیاوازی بۆچوونی مێژوویی ( دایەکرۆنی ) و هاوکاتیی ( سینکرۆنی) دیراسەکردنی زمان چییە ؟
نموونەی دوو نووسەر یان کتێب بێنەوە کە زمانناسیی مێژوویی زمانی کوردییان کرد بێت ؟

4 - بۆچی زمانناسیی مێژوویی بۆ کورد و زمانی کوردی زۆر گرنگە ؟

5 - جیاوازی وردەزمانناسیی و درشتەزمانناسیی چییە ؟ چەند نموونەیەک لە بابەتەکانی هەر یەکێکیان بێنەوە ؟

6 - زمانناسیی تیۆریی چییە ؟ نموونەی چەند تێڕوانگەیەکی گرنگی زمان باس بکە .

7 - دەنگناسیی چییەو لە چەند بەش پێکدێت؟ بە نموونە روونی بکەوە .

8 - بۆچی بە بۆچوونی پێشنووسیی دەڵێن پێشنووسی و بە وەسفکاریی دەڵیین وەسفکاریی ؟

9 - ئایا ئەم راگەیاندنانەی خوارەوە راستن یان هەڵەن؟ لە وەڵامەکەت بدوێ ::

1- ئیتۆمۆلۆجی لێکۆلینەوەی فۆنیمەکانی وشەیە .
2- زمانناسی دەروونی لە پێوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە .
3- دەنگناسیی و دەنگسازیی دوو شتی جیاوازن .
4- شێوازناسیی لکێکی ئەدەبە نەک زمان .
5 - رستەسازیی پێوەندی بە وشەسازیی ( مۆرفۆلۆجی ) یەوە نییە و وشەسازییش پێوەندی بە دەنگسازییەوە نییە ؟

10 - لێکۆڵینەوەی زمانی ئاوێستا دەشێ بە چ بۆچوونێکی زمانناسیی ئەنجام بدرێت ؟ بۆچی ؟

11 - گەر لە بەر رۆشنایی ریزمانی ( سینتاکسی) سانسکریتی لە ریزمانی کوردی بکۆڵینەوە ، ئەو جۆرە دیراسەکردنە چی پێ دەوترێت ؟